شیعر

مەهدی هەورامی

# بۆ بە نیگا دام ئەتاشی و
# بۆ ئەبەد ئەمکەیتە پەیکەر

لەگەڵ یەکەم بارینتا
لە ڕەگەوە وشکت کردم
لە نەخشی ئەم پەیکەرەما
"نارەوەند" ی شعر نەبێ
هیچی نەما..
"سەبوون" نەبووی
تا دەمی گوڵ هەڵقرچێنی
کە تۆ باریت لەم شەوەدا
من نەترسام..
ئەگەر بارانیش بوویتایە دادەگیرسام
من ئاگری تەڕم دیوە
تاوەکو ئیبراهیم نەمرێ
ئەی نەمرودی زاڵمی عیشق
قژی باران بۆ گڕ ئەگرێ ؟!



ئەی تۆ چی بووی؟!
بوومە پەیکەر..
خۆ پەری نیت ـ جیاوازی لە نەسلی بەشەر
ئەگین ژوورێک لە ماڵی دڵ
پڕ نەبوو لە تاریکایی
لە تایفەی باران بوویتایە
دەشتێک گۆرانی سەوز ئەبوون
ئەم شنەیە
هەرگیز نە ئەبوو بە سەبوون
من تێ ناگەم
بەنێو کامە وەرزا هاتووی
زمانی گوڵت نەگرتووە و
دەستەکانت لە چیرۆکی بەفر ناگەن
بەم درەنگە
هەرگیز بەرسیلە پیر نابێ
شەراب لە چی دەخۆیتەوە
من دەمێکە تریقەی پێکەنینی ماسی دێتە گوێم و
ئاوازی دەریا دەزانم..
من دەمێکە شار چاوەڕێی
ئێشکگری شەقامی شعرم لێ ئەکا و
تازە من بەمە ئەزانم..
کە تۆ هاتی وەکو سێلاو
دڵ خۆشیت دا بە هەرماس و
داری غرورت بۆ ئاو دا
بەهەشتی ئەم ئەشقە چی بوو

بۆ ئێمە دۆزەخت تاو دا

هاتنی تۆ

پێش قەناعەتی عەقڵ کەوت

کە تۆ هاتی

لە چاوی غەم زەدەکانا

مرواریيەکان دەنک دەنک دەهاتنە خوار

لەگەڵ یەکەم دڵۆپەی خوێنی رژاوم

پەپوولە بە باڵی سوور و

گوڵ بە فرمێسکی سەوزەوە

تنۆک تنۆک

تێکەڵی خاک ئەبوونەوە

هاتنی تۆ

لە هاتنی ژیلا ئەچوو۔ چالاک چالاک

بەڵام ئەفسووس نەتتوانی هەر وەکو ئەو

بمکەیتەوە بە کوڕی خاک

نەتتوانی

قەت وەکو ئەو رازێکی سەرمەدی بڵێی

هاتنی تۆ

نەیهێڵا چایە تەواو کەم

ئەم قوری عەشقەی گرتەوە

هاتنی تۆ

گوڵی لە باخچە بردەوە

چ پەسلانێ بوو ئەم عومرە

کە تۆ هاتی

کاتەکانی سوبحی ئەجەلت شکاندم



چراکانی دەستی بارانت کوژاندم
چاک ئەزانی
وەک تاڤگە نین پیری نەیێ بە لامانا و
گۆرانی گەنجمان کاتەوە
پەپوولە خوێنی حەوت رەنگە
چی خوێنی ئەباتەوە٠٠
تۆ کە هاتی ئەی یار
من لەباری عشق چووم
درەنگ هاتی ئەگین زوو ئەبوومە ئاو و
قورگی دار مێوم تەر ئەکرد
درەنگ هاتی ئەگین هاوارم کەڕ ئەکرد
لەوەتەی بوومەتە پەیکەر
ئاوی ترێی شوشە ئەخۆم٠٠
لە کتێبی شەقامەکان ئەخوێنمەوە
بوومە ئەدرەس بۆ غەریبان
تا مانگ نەنوێ منیش نانووم
ئەو لە ئەرز و من لە ئاسمان
تکا ئەکەم
ئەو شەقامەی پەیکەرەکەی منی لێیە
ناوی بنێن شەقامی عیشق
با ئەویش وەک نیشتمانم بێ ناو نەبێ

ئەی یار
هەموو شتێکت لێ سەندم
توخوا هەرگیز خۆشەویستی و پێکەنینم لێ مەسێنە٠٠

با لەو جێگەی کە دامئەنێن
یەک بە یەک پێکەنین بەشکەم
ماڵ بە ماڵی ئەم هەرێمە٠٠
بۆیە منت کردە پەیکەر
نیگای هەموو چاوەکانت بنووسمەوە
دڵخۆشی بە گشت شۆستەکان بدەمەوە
خەیاڵی من هەموو شەوێ
ئەمباتە لای پەخشانێکی کەزی درێژ
لەوێشەوە
ئەچینەوە لای پەیکەرەکانی هاورێم و
شیعری مردن بۆ یەکدی ئەهۆنینەوە
هەرکە باسی هاتنی باڵای تۆ ئەکەین
خۆر ئەگیرێ و
لەرز ئەمگرێ و
هاورێکانم هەڵئەسن زوو ئەرۆنەوە
ئەم خەیاڵە
رووتوقووتم ئەکاتەوە
ئەمباتەوە بۆ ئەو شوێنەی
خەریکە تێیدا سەوز ئەبم
کەی دەبیتە یاری ئەم پەیکەرە ٠٠ئەی یار
کە تۆ باریت
دەستم نەرم برد و
دڵت بەردانە هات بە دەسمەوە
دەستم شوشانە هێنا و بەردانە شکاندت
تۆ بۆ حەزت لە بەردبوونی تاقگەیە



**کەی؟ ئەلف بای نەرمبوون فێر ئەبی**

**کە تۆ هاتی**

**پێت سەیر نەبێ**

**بەردێک لەسەر ئەم کورسییە دانیشتووە و**

**خەفەت ئەکێشێ**

**پێت سەیر نەبێ**

**ئەگەر بڵێن**

**پەپوولەیەک سەری دێشێ**

**ئەو سەرخەوی لە ماڵی گوڵی بێ رەنگا شکاندووە**

**دڵم هێشتا**

**لە نێوان دەستەکانتا هەر لێ ئەدا**

**چڵی مهرێکت نابینم بە دەستەوە**

**ئەم حەرەم سەرا**

**بە وێرانی جێ مەهێڵە**

**قومێک بەرائەتم بەری**

**ئەمە کەی خاتیمەی عیشقە**

تێبینی

نارەوەند: دارێکی باڵا زرافە

سەبوون: گڕەی گەرما

هەرماس: شەیتان بە شێوەزاری هەورامی